OCHA

نوێکراوەی ڕۆژانەی ئۆچا

دووشەم، ٢٦ی ئابی ٢٠١٤

هەموو خوێنەرانی نوێکراوەی ڕۆژانەی (OCHA) نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازی و کاروبارە مرۆییەکان داوایان لێدەکرێت کە هەر زانیاریەك لەسەر ئاوارەکان هەیانە بیدەن بە ڕێکخەرانی (OCHA) یان ڕاستەوخۆ بینێرن بۆ iraqinfo@un.org. ئەم نوێکراوەی ڕۆژانە دابینکراوە بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخەری ئیش و کارەکان. (OCHA) هیچ شیکارێکی نوێ دابین ناکات و تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو زانیارانەیە کە بۆ (OCHA) لەلایەن ئاژانسەکانی مرۆییەوە دابینکراوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان و نێردەکانی دیپلۆماتیکی لە ٢٥ی ئاب کۆبوویەوە، هەروەها لەگەڵ دەسڵاتدارانی دهۆك و سلێمانی جەختیان لەسەر شوێنە سەرەکیەکان کردۆتەوە کە نیگەرانی شوێنی حەوانەوە و کەمپەکانی ئاوارەکانن. نزیکەی نیوەی قوتابخانەکان لە کوردستان کە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێن بووەتە جێگای نیگەرانی لەبارەی دەستپێکی ساڵی نوێ ی خوێندن. حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە کە دەبێ ئاوارەکان بە زووترین کات بگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان، چونکە قوتابخانەکان پێویستیان بە دووبارە نۆژەنکردنەوە هەیە.

## بارودۆخی مرۆیی و کاردانەوەکان

### باشوور

#### نەجەف

ڕێکخراوی پەنابەرانی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە ١١٣ خێزانی ئاوارەی نوێ لە موسڵەوە ئاوارەبوون و گەیشتوونەتە نەجەف، لەڕێگەی هەولێر و دیالە و بەغدا.  خێزانەکان پێویستیەکی بەپەلەیان هەیە لە خۆراك و ماددەی کە خۆراك نین.

#### قادسیە

ڕێکخراوی پەنابەرانی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە ١٥٠ خێزانی ئاوارە لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەددین و بەغداوە گەیشتوون و لەلایەن وەزارەتی ئاوارەبووان و کۆچبەران تۆمارکراون. نزیکەی ١٠٥٠ ئاوارە هاریکاری داراییان لەلایەن وەزارەتی ئاوارەبووان و کۆچبەران وەرگرتووە وهەروەها ٣٠٠ ئاوارە خۆراکیان لە لایەن وەزارەتی ئاوارەبووان و کۆچبەران وەرگرتووە.

### ناوچە جێناکۆکیەکانی سنوری ناوخۆ

#### دیالە

یونیسێف، بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ منداڵ پارێزان ١٠ وویستگەی شوێنی ئاویان لە کەمپی عەلیاوە چەسپکردووە لە (قەزای خانەقین)، تانکیەکانی ئاو چەسپکراون کە توانای خەزنکردنی ٣٠٠٠٠ لیتری ئاویان هەیە لە (قەزای خانەقین) و چەسپاندنی ٤٠ تەوالێتی جولاویان لە خانەقین تەواوکردووە، کە خزمەت بە پێویستیەکانی زیاتر لە ٦٥٠٠ ئاوارە دەکەن.

### ناوەند

#### ئەنبار

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاپۆرتی کردووە کە خزمەتگوزاری سنورداری ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هەیە لە قەزای ڕومادیەوە بۆ بەغدا بەهۆی نەبوونی ئاسایش. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) دوو سندوقی ساردی بۆ بەشی تەندروستی دابینکردووە تاوەکو بەکاربهێنرێن بۆ ناردنی وێنەکان بۆ بەغدا.

#### سەلاحەددین

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاپۆرتی کردووە کە ١٥٩٥ خێزان لە قەزای تکریتەوە هەڵاتوون بەرەو قەزای بچووکی ئەلئەلەم دوابەدوای پێکدادانەکانی نێوان حکومەت و گروپە چەککدارەکان. نزیکەی ١٠٠ خێزانیش لە قەزای بچووکی ئەلدولویە هەڵاتوون بەرەو بەغدا.

## باکوور

### دهۆك

لە کۆبوونەوەی ڕێکخستنی گشتی لە دهۆك، تەلەفۆنی فریاکەوتنی حکومەت ڕاپۆرتی کردووە لەسەر ئاماری ئاوارەکان، لە کۆی ژمارەی ئاوارەکان کە ٨٧٣٣٤ خێزان دەبن (٥٢٩٣٥٩ کەس). تەواوی ئەنجامەکانی مەشقی تۆمارکردن جێبەجێکراون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئامارەکان کە لەم ڕۆژانە پێشبینی دەکرێن. تەنها ژمارەیەکی کەمی ئاوارە گەیشتووەکان ڕاپۆرتکراون لە سنوری پەڕینەوەی فیشخابوورلە ٢٥ی ئاب.

چێشلێنەرانی مەیدانی بەردەوامن لە خزمەتکردنی پێدانی خۆراك بۆ شەش شوێنی سەرتاپای دهۆك (شاریە، لالش، باتێل، سمێل، باجێت کەندەڵە و خانکێ). پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و هاوکاری جێبەجێکار کە دەزگای خێرخوازی بارزانیە دەست دەکەن بە گواستنەوەی خەڵك بۆ هاریکاری خۆراکی زیاتر و بەردەوام، لە دەستپێکی ئەمڕۆ لە باجێت کەندەڵە لەوێ ١٧٠٠٠ کەس هاریکاریکراون بە وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە ( هەڵگیراو خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن، بڕێکی تەواو بۆ مانەوەی خێزانێك لە ژیاندا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ).

کەمی لە ستافی پزیشکی ڕاپۆرت کراوە لەلایەن باڵەخانەکانی تەندروستی لە دهۆك، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکاری هێنانی ٥٠ پەرستاری کردووە و ١٠ تیمی جولاوش. هەروەها ستافی زیاتر لەلایەن ڕێکخراوی چارەسەری پزیشکی نێودەوڵەتیەوە دانراوە.

یونیسێف بە هاوکاری لەگەڵ هاوکارانی ACTED، ڕێکخراوی پاراستنی منداڵان، نوجین، SOSD، کوردەکان، هاری- کاری ١٠ کەرتی هاوڕێیەتی منداڵانەی دامەزراندووە لەسەرتاسەری پارێزگاکانی دهۆك و موسڵ لەوەتەی ئەو شەپۆلەی بەم دواییانەی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆك. کەرتەکان چالاکی هاوکاری دەروونی بۆ ئاوارەکان دابین دەکەن کە لە شاری دهۆك و کانی و زاخۆ و شاریە و شێخان و و لالش و باجێت کەندەڵە دەژین. لە ٢٤ و ٢٥ی ئاب ١٤١١ کەس لە (٩٣١ کور و ٤٨٠ کچ) کە ئامادەییان هەبوو لە خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری تەندروستی.

یونیسێف UNICEF بەردەوامە لە بارکردنی ئاوی سەلامەت بۆ ناوچە جیاوازەکانی زاخۆ، دهۆك، شێخان، خانکێ، ئاکرێ و شاریا، لەوانە ٢٢ قوتابخانە کە ئاوارەکان تێدا نیشتەجێ کراون و خزمەت بە ٨٠٥٠٠ ئاوارە دەکات.

یونیسێف UNICEF بە هاوکاری لەگەڵ FRC ئاو و ئاسانکاریەکانی خاوێنکەرەوەی بۆ ٢٩٦ خێزان تەواوکردووە (لەوانە ٣٧ تەوالێت و ٣٧ شوێنی خۆشتن) لە کەمپی خانکێ. ١٠٠٠٠ لیتری ئاوی تانکی بە قاندرمەی دیکە چەسپکراون.

### هەولێر

ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی نێودەوڵەتی دەستی کردووە بە جەولەی دووەمی دابەشکردنی پارچەی خۆراکی خێزانی لە شەقلاوە، لەگەڵ ٧٥٠٠ کەس گەیشتووە لە نێوان ٢٤ و ٢٥ی ئاب. پارچەکانی خۆراکی خێزانی بوار بە مانەوەی خێزانێك کە لە پێنج کەس پێکهاتوون بۆ ماوەی ٣٠ دەدات، و ئەوە مانگی دووەمە لەسەر یەك کە ئەو خەڵکەی شەقلاوە پارچەکانیان وەرگرتووە.

**لە کەمپی بەحرکە،** ناوچەی سێبەرەکە دروستکراوە بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتی و بۆنەکان داگیرکراوە لەلایەن نزیکەی ٣٥ خێزان لە چاوەڕێدان بۆ تەرخانکردنی ڕەشماڵی زیاتر بۆیان. چێشتلێنانی مەیدانی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی بەڕێوە دەچێت کە خزمەت بە دوو ژەمی گەرمی ڕۆژانە دەکات بۆ ٢٧٠٠ خەڵك. یونیسێف هەڵدەستێ بە بارکردنی ١٠٢٠٠٠ لیتری ئاوی سەلامەت لەسەر بنەمای ڕۆژانە.

لە کەمپی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر، چەسپکردنی ٤٠ تەوالێت و ٦ وویستگەی شوێنی ئاو لەلایەن یونیسێف بە کۆتایی هێنرا.

### موسڵ

کەمپی گەرماوە ٣١٨ خێزانی نیشتەجێکردووە (٢٧٩٨ کەس) هەروەك لە ٢٥ی ئاب. کۆی گشتی ٥٤٣ ڕەشماڵ ئێستا لە کەمپەکە هەن. ڕێکخراوی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران پێداویستی فریاگوزاری سەرەکی لەوانە (فەرش و خاولی و پانکە و پێداویستی ژووری چێشتلێنان، تەباخ و حسیر) و کەل و پەلی نیشتەجێ بوون ( پارچەی پلاستیکی) بۆ هەموو خێزانەکان لە کەمپەکە دابینکردووە. ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی نێودەوڵەتی هاریکاری ٢٠٠٠ خەڵکی کردووە بە وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە، بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی ACTED. دابەشکردنی زیاتر پلانی بۆ دانراوە لە ڕۆژی پێنج شەم.

### سلێمانی

بە گوێرەی دەسڵاتدارانی ناوەخۆ ١٤١٠٠٠ ئاوارە لە پارێزگای سلێمانی هەن. زۆرترین پێویستی جەخت لەسەر کراو بریتی یە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون. هەروەك زۆربەی ئاوارەکان لە قوتابخانەکان دەمێننەوە، دەسەڵاتداران نیگەرانی دەردەبڕن لەبارەی دەستپێکی ساڵی نوێ ی خوێندن و جەخت دەکەنەوە لەسەر پێویستی گواستنەوەی ئەو خەڵکە لە قوتابخانەکانەوە بۆ کەمپەکان.